www.kurdistannet.org
13-11-2005 21:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## یادی 45 ساڵەی کارەساتی جەرگبڕی سینەمای عامودا

خوشکان. . . . برایان
ئامادە بووانی خۆشەویست
بێبەختی کورد لەوەدایە، داگیرکەرانی کوردستان، بە هەموو نەتەوەو بیروباوەڕەکانییانەوە، بە هەموو ناوو ڕەنگ و ئاڵاکانیانەوە، تاکو ئێستا لەهەموو شتێکدا جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبوبێت، ئەوا لە کورد قڕ کردندا یەك بوونە، وەك کۆپی یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ گەلەکەمان کردووە، بە تایبەتیش لە یەکچونێکی زۆر لە نێوان هەردوو بەعسدا هەبووە.
ڕژێمی بەعس لەهەردوو سنوور بە یەك عەقڵییەت و بیرکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵ گەلەکەمان کردووە، کوشتن و دەرکردن و سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوەیی، ئەنفال و کۆمەڵ کوشتن سیمایان بووە، لە هەردوو وڵات تەعریب و تەرحیل و تەبعیس سێکوچکەی فەرمانڕەواییان بووە.
دوێنێ یادی هەورامان و سەردەشت و مهاباد و قارنێ و قەڵاتانمان کردەوە، ڕێزمان لە سەری بڕاوو و جەستەی هنجن هنجن کراوو، بۆنی خەرتەل و کچی بە ژن کراو گرت. ئەمڕۆ لێرەدا یادی 285 منداڵی سوتاومان دەکەینەوە، یادی ئەو 285 منداڵە دەکەینەوە بەزۆر بردران بۆ بینی فلیمێك، بە گوێرەی هەموو پێوەرێك، بینینی فلیمی لەو چەشنە یاساغە بۆ منداڵان.
لە کاتی بینینی فلیمەکەدا، کران بە ئەکتەری ڕاستەقینە لە فلیمێکی تراژیدیی کەم وێنەدا. 285 منداڵ لە کۆی 500 منداڵی قوتابخانەی غەزالی سەرەتایی کە بردرابوون بۆ بینینی فلیمەکە، بوون بە قەرەبرووت. منداڵان چوون بۆ بینینی فلیمی شۆڕشی جەزائیر، ئازایەتی جەمیلە جەزائیری بە چاوی خۆیان ببینن، چەپڵە بۆ شۆڕشگێڕان لێبدەن، کەچی لە ئاوردا سوتێنران.
بەڵی تاوانێك بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە بینینی فلیمی تاوانی نیوەشەو ڕویدا.
لە بەرواری 13-11-1960، 45 ساڵی تەواو پێش ئەمڕۆ، لە کاتێکی وەك ئێستادا، لەدوای نوێژی عەسر، بە نەخشەیەکی لە پێشدا دارێژراو، بە بەهانەی شۆرتی کارەباوە، بەدەستی داگیرکەران، سینەمای شێرزاد گڕی تێ بەردرا، لە ئەنجامدا 285 زارۆکی کورد بوونە قۆچی قوربانی، ئەو قوتابیانەی چاوەڕوان دەکرا لە ئایندەدا ببن بە هوشیارترین بەشی گەلەکەیان.
دوژمنان دەیانزانی ئەو منداڵانە نەسوتێنرایە، ئەمڕۆ لە ڕیزی ئێوەی تێکۆشەردا بوون، داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، لە ڕاپەڕینی سەرانسەرییدا دەبوونە پێشەنگی جەماوەر،

باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە، لە ئەوانەی لەو كارەساتە ڕزگارییان بووە، دەیان كەسی وەك ئەم بەڕێزانە دەبینرێت:
( (عەبدوالباست سەیدا - دكتۆری فەلسەفە، محەمەد عیدۆ - دكتۆرای ئادابی ڕۆژهەڵات، سەعدەدین عابد - پزیشكی بواری ژنان، د. فەرهاد ئەحمەد - ئابوری سیاسی. . . . . . . ) ) .
بەڵی ئێمەی كورد، قوربانییەكانمان ئەوەندە زۆرن، ئەمڕۆ بۆنی گۆشتی ئەو ئازیزانەمان دێت، سبەی یادی هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانییە ئازیزەكانمانە، بۆنی گۆڕی بە كۆمەڵ و خەرتەلی ناو هەناوی عومەر خاوەرە، دوو سبەی یادی شەڕناگ و ئاماد و دەرسیمە، كچە كورد مەمكی خۆیان لە بن هەنگڵ ناوە و بەسەری بڕاوەوە ترۆپكی شاخیان لە داگیركەران گرتووە، نەوەك سوكایەتییان پێ بكرێت.
بەڵێ ئێمەی كورد هەموو ڕۆژەكانمان شیوەن و ڕۆڕۆی دایكانە، تەنانەت یەك ڕۆژیشمان نەماوە یاداوەری تاوانێكی تێدا نەبێت بەرامبەر بە گەلەكەمان.
ئێمە وەك ناوەندی چاك بۆ ئەوە دامەزراوین سیاسەتی كورد كوشتن لە هەموو پارچەكانی كوردستان شەرمەزار بكەین، بە ڕاستیش هەر وا بووینە، لە كاتی بەرخودانی قامشلوو، ڕاپەڕینی مهاباد، ئاماد، هەولێر و كەلار و سلێمانی لەگەڵ گەلدا بووینە، چۆن ئەمڕۆ شیوەن بۆ عامودا دەكەین، بە هەمان شێوە شیوەنمان بۆ قارنێ و ئاماد و هەڵەبجەو كەركووك كردووە.
ناوەندی چاك ڕێكخراوی ئێوەیە، لەهەر ناخۆشییەكدا ئامادەین لەگەڵتان بین، ئێش و ئازارەكانتان لە گەڵدا بەش بكەین.
هاوكات لێرەوە گلەیی و گازندە لە پارتە دەسەڵاتدارەكانی كوردستانی باشور دەكەین، بە گوێرەی پێویست نەهاتوونە بە دوای داخوازییەكانتانەوە.
لە كۆتاییدا بانگەوازتان دەكەین، بۆ كاركردن، لە پێناو بە داگایی گەیاندنی، هەموو ئەوانەی تاوانییان بەرامبەر بە گەلەكەمان ئەنجام داوە.
نەمری بۆ قوربانیانی عامو داو سەرجەم كوردستان
مەرگ و نەمان بۆ داگیركەرانی كوردستان

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد –چاك
www. chak. info
chak_org@yahoo. com
ئەم وتەیە لە یادی 45 ساڵەی كارەساتی عامودا لە شاری دێڵفتی هۆڵەند پێشكەش كرا.